
# دواجار کە بەختیارترین بووم

**کتێبی سێهەم**




رۆز لاگرکرانس

وەرگێڕانی لە زمانی سوێدییەوە: ڕەحمان سۆفی

ساڵی ۲۰۲۰ی زایینی

# بەشی ١

دوایین ڕۆژی قوتابخانەیە. دانێ پۆلی یەکەمی تەواوکرد. دانێ ئەو کچە بەختیارەیە، دەیەوێ کتێبێک سەبارەت بە خۆی بنووسێ. هەر ئێستا خەریکە، بەڵام هێشتا تەواوی نەکردووە. کەی تەواوی دەکا خۆشی نازانێ.دەفتەرەکەی لە کۆڵە پشتییەکەیدایە. لەگەڵ ئەوشتانەی کە دەبێ پێش پشوودانی هاوین بیانباتەوە بۆماڵێ. تەنیا ئەو شتەی کە ماوە بیباتەوە وێنەی باشترین هاوڕێی یانی ئێلا فڕیدایە. ئەو هاوڕێ باشەی کە لە «نۆرشۆپینگە» دانێ هەمیشە وێنەکەی ئێلا فڕیدای هەڵگرتووە. زۆر جار دەری هێناوە و تەماشای کردووە. وێنەکە چرچ و لۆچ بووە، هەر باشە کە نەدڕاوە. بەڵام کاغەزی وێنە بە هاسانی نادڕێ. هەرجارێک دانێ تەماشای وێنەکەی ئێلا فڕیدای دەکرد وەک ئەوە بوو کە خودی خۆی دەبینێ.

دانێ بۆی پێدەکەنی و دەیخستەوە نێو کتێبەکەی.



ئەمڕۆ دوایی ڕۆژی تەواو بوونی قوتابخانەیە. سبەینێ جەژنی تەواو بوونە. هەموو قوتابیەکان جل وبەرگی جوان و خاوێنیان لە بەر دەکەن. بەکۆڕ سروود دەخوێننەوە.

دانێ و دایەگەورەی چووبوونە بوتیکێک. دایەگەورەی کراسێکی شینکاڵی داوێن درێژی جوانی بۆ کری بوو. دانێ گەرەکی بوو بۆ جەژنی سبەینێ ئەو کراسە جوانەی لە بەر بکا.




بەڵام ئەم کراسە جوانەشی هەبوو. دوودڵ بوو کامیان لە بەر بکا. پشکی خست«شینکاڵ، پەمەیی، شینکاڵ، پەمەیی، شینکاڵ»




شینکاڵی هەڵبژارد. بێجگە لەوە جووتێ کەوشی سەنداڵی سپی بە گوڵی سووری لەسەر پەنجەکانییەوە.



## بەشی ٢

ئەمڕۆ هەر ئەوە نییە کە منداڵەکان جلی جوان و خاوێنیان لە بەرکردووە. نێو ژووری یانەکەشیان ڕازاندووەتەوە. لە بەیانییەوە یانەکەیان پڕ بوو لە منداڵ. خەریک بوون نیگاری گوڵیان دەکێشاوە و دیواری یانەکەیان پێ دەنەخشاند. دانێ ڕۆزی وەنەوشی کێشاوە. جوانی نەخشاندبوو هەموو ئەوانەی وا دیتیان زۆریان پێ جوان بوو.



کەچی وەختێک ویستیان گوڵەکە بەدیوارەکەدا هەڵواسن پۆنیس «بزماری سەرپان» تەواو ببوو.





لەوە دەچوو گوڵەکەی دانێ نەیگەرەک بێ هەڵواسرێ.

لە دواییدا ویکان و میکان هاتن و یارمەتی دانێ یان کرد. ویکان گوتی «ئەمەت ئەدەمێ پێی هەڵواسە» پۆنیسێکی لە ژێر کەوشەکەی دەرهێنا و دایە دەست دانێ.

پێش دێ ویکان و میکان زۆرجار پۆنیس «بزماری سەرپان» لە ژێر کەوشەکانیاندا دەشارنەوە. دانێ بە پڕتاو گوتی«سپاستان دەکەم»

ویکان گوتی«شایانی نییە. دۆست ئەوەیە کە یارمەتی دۆستی خۆی بدات»

مامۆستاکەیان گوتبووی ئەوان هاوڕێ و دۆستی یەکن. ویکانیش هەر وای دەگوت.

میکان دەیگوت«ئێمە باشترین دۆستین»



بەڵام ڕۆژێک کە کایەی جندۆکە تۆپێنیان دەکرد. دانێ بردییەوە.



کەچی ویکان و میکان توڕە بوون. کەوتنە سەر دانێ و هەڵیان بڕی. دانێ خۆی دا بە «ئێلین»دا و لووتی شکاند. لەوانە بوو لە دەم و چاوی جیا بێتەوە.



ئێلین چەن جار داوای لێ بووردنی لە دانێ کرد.

ویکان گوتی«مرۆڤ دەبێ سەبری هەبێ» میکانیش گوتی«بەڵێ وایە»

باشترین دۆست هەمیشە مێهربانترین نین!



دانێ شتێکی تازەی لەگەڵ دۆستەکانی تاقی کردەوە و شتی تازە فێربوو.

# بەشی ٣

دانێ لە پۆلی یەکەم هەستی دەکرد بەختیارە. دەمێکی زۆر خۆش بوو بەتایبەت ئەوجارە کە سووسی لاسایی مانگای کردەوە. دانێ ئەوندە پێکەنی بوو ژانی کرد بوو.



دانێ وەبیری هاتەوە کە مامۆستاکەیان چیرۆکی بۆ گێڕانەوە. گوتبووی «جارێکیان لە چۆمی نیل سەوەتەیێکیان گرتبوەوە کوڕێکی چکۆلەی تێدابووە. هەروا تابلۆیێکی کۆنی قوتابخانەی نیشان دابوون هی ئەودەمەی کە خۆی لەوێ خوێندبووی. تابلۆکە نزیک بە سەت ساڵ کۆن بوو.



ئەو کوڕەی چیرۆکەکە ناوی مووسا بووە. دانێ یادی ئەو ڕۆژەی پێ خۆش بوو. بیری لێبکەوە چەندە خۆش بێ وەک ئەو کوڕە چکۆلە لە نێو سەوەتەیکدا بی و لەسەر ئاو بگەڕێی. مامۆستا گوتبووی وەختێک مووسا گەورە بووە چوەتە سەرکێوی «توور» لەگەڵ خوا قسەی کردووە. خوا دە فەرمانی «بەردەنووسی» پێ داوە. دەفەرمان ڕێسا بووە بۆ ئەوەی کە مرۆڤ پەیڕەوی لێیکان بۆ ئەوەی کار و باری کۆمەڵ بە ڕێ و جێ بە ڕیوە بچی.


دانێ و ئێلا فڕیداش ئەودەم لە یەک پۆلدا بوون ڕێسای خۆیان داناوە. و لە سەر کاغەز پیامەکەیان نووسیوە.



یەکەم پەیام « مرۆڤ نابێ هەرگیز لە کەسێک بدا کە لە خۆی چکۆلەتر بێ. ئەو منداڵانەی هار و هاج و شەڕانی بن. دەبێ گوێیان نەدەنێ تا بۆخۆیان ئارام دەبنەوە»



پەیامی دووەم «مرۆڤ نابێ زۆر خۆی بنوێنێ. بەڵام ئەگەر یەکێکی دیکە خۆی هەڵکێشێ تۆش کەمێک خۆت نیشانبدە. بۆ نموونە ئەگەر کەسێک دەڵێ دووچرخەکەی من لە هی تۆ باشترە. «کوودان»یەکێک لەوانەیە. دووچەخەێکی کۆنی هەیە. هیچی بە سەر هیچەوە نەماوە. تا ئێستا باوەگەورەی چەن جار بۆی چاک کردوەتەوە. کەچی دەڵێ دووچەرخەی من لە هی ئێوە باشترە.




پەیامی سێهەم «مرۆڤ نابێ پیسکە و لەچەر بێ. ئەگەر ٣٠ دانە کەیکت هەبێ و سەت کەس بیانەوێ لێی بخۆن نابێ هەمووی هەڵگری بۆ خۆت»



ئەودەمەی ئێلا فڕیدا دەچووە پۆلی یەکم، لەگەڵ دانێ زۆر خۆشیان بۆ دەگوزەرا. تەنیا جارێک نەبێ کە دەبوایە وێنەی دایک بکێشنەوە، دانێ نەیتاوانیبوو. دانێ ئەو ساڵانەی لە بیر نەبوو کە دایکی مابوو. ئەودەم چکۆلە بوو. هەر ئەوەی لە بیر مابوو بۆیان گێڕابوەوە. کە دایکی ئەو مردووە. یان ئەوەی کە باوکی دوای چەن ساڵ بۆی گێرابوەوە کە دایکی گوتبووی «لە زمانی منەوە خواحافیزی لە دانێ بکە. پێی بڵێ کە زۆرم خۆش دەوێ. ئەو وەختەی کە دەبوو وێنەی دایکیان بکێشنەوە. دانێ وێنەی باوکی کێشاوە و نووسی:

# باوکی من.



# بەشی ٤

دانێ کچێکی بەختیارە. هەڵبەت لە هەموو بارێکەوە وانییە. بەڵام ئەو بیر لەوشتانە ناکاتەوە. گوێیان پێ نەدا. دانێ کەمتر نارِەحەتە. ئێستا ناگری. خەریکە گەورە دەبێ. «لە باوکی خۆی دەچێ» باوکی کەم وایە بگری. بەڵام ئەگەر کەسێ بمرێ بۆی دەگری. شتێکی تازە ڕووی داوە. دانێ گوێی خۆی کون کردووە. لە هەوەڵەوە نەیدەوێرا، تا ئەوەی باوکی لەگەڵی چوو. دەستی گرتبوو کە نەترسێ.



دانێ خێرا گوارەشی کڕی. پرپرەی گوارەکانی ئەڵماسی شوشە بوون و لە گوێیدا دەلەرینەوە. دانێ بەوە دڵی خۆش بوو. جار، جارە دەستی پێدا دێنان.



ڕاهاتبوو، نزیک تەواو بوونی قوتابخانە ئەو کارەی دەکرد. دانێ وەختی تەواو دەبێ شتەکانی خۆی کۆدەکاتەوە. دانێ دەیەوێ چیرۆک بنووسی. بەو هیوایەیە بتوانێ بەم زووانە تەواوی بکا. بە تەمایە ناوی چیرۆکەکەی بنێ «دوورگەی سامناک» ئەو چیرۆکە لە بارەی کچێکەوەیە کە لەو دوورگەیەدا دەگەڕا و گوڵی دەچنییەوە.



ئەودەم کە دانێ چیرۆکەکەی خوێندەوە، مامۆستا گوتی «ئافەریم بەڵام چی وای کردووە کە چیرۆکەکە ئاوا سامناکە؟» دانێ خۆشی نەیدەزانی. مەبەستی ئەوە بوو کە شتێکی ترسێنەر ڕوو بدا. کەچی هەرگیز شتێکی نائاسایی ڕوی نەدا. مامۆستا گوتی«من پێم وایە، تۆ دەبێ کۆتایی شاکارەکەت شتێکی وای لێ زیادکەی کە سەرنج ڕاکێش بێ» دانێ تێگەیی کە مەبەستی مامۆستا چییە. دانێ بیردەکاتەوە. کە باسی ژیانی خۆی دەکا. هەڵبەت هێشتا نووسراوەکەی تەواو نەبووە. دەفتەرەکەی لە کۆڵەپشتیکەیدایە. مامۆستا دەڵێ «پەلەی لێ بکە بەڵکوو زوو تەواوی کەی». دانێ کۆلەپشتییەکەی دەنێتە پێش مێزی نووسینەکە و دادەنیشێ. دەفتەرەکەی دەردێنێ. بیر لەوە دەکاتەوە چی بنووسێ. ئەو کتێبەی کە دانێ دەیەوێ بینووسێ دەبێ کۆتییکی خۆشتری هەبێ.

دانێ دیسان بیر دەکاتەوە. هەرچەند ژوورەکە کپ و بێدەنگە کەچی ئەو تەقەی سەری دێ. لەودەمەشدا کە مرۆڤ بیر دەکاتەوە هەموو شتێک بێدەنگە.



دانێ لە خۆی دەپرسێ چی بنووسم؟ پرسیار ئەوەیە کە دانێ زۆربەی کات هەست بە خۆشی دەکا. هەر بۆیە ناتوانێ بابەتی دیکە هەبژێرێ.

ویکان و میکان ئەودەمە بەختیارن کە جەژنی لە دایک بوونیانە. چونکە کادۆ وەردەگرن.«کوودان» بەوە دڵی خۆشەکە تۆپێن دەکا و گوڵ دەوەشێنێ.

هەڵبەتە«مێتبۆری» هاوڕێشی هەروایە. بەڵام دانێ بە زۆر شت دڵ خۆشە. جارێکیان پێشبڕکێی قاڕێن، نێوان پۆلی یەک و پۆلی دوو بوو. پۆلی یەک دۆڕاندی. دانێ دیسانیش زۆر کەیف خۆش بوو. دوایەکەی «کوودان» گوتی«هەرکەس پێشبڕکێیکی پێ خۆش بوو دەستی هەڵێنێ. تەنیا دانێ دەستی هەڵێنا.



بەڵام دانێ حەزی لەوە نییە لەو بارەوە بنووسێ. بەم زووانە بابەتێکی باشتر بە مێشکیدا دێ. ئەو دەم قەڵەم بە دەستەوە دەگرێ و دەنووسێ. دانێ ئاوای دەست پێکرد «دوا جار کە بەختیارترین بووم» لەوە زیاتر فریا

نەکەوت لەپڕ درگای ژوورەکەیان کراوە. «سیرپا» خانم نازمی قوتابخانە بوو. سەری هێنا ژووریّ. ئەگەر شتێک ڕووبدا سیرپا لەپڕ خۆی دەکا بەژووێدا. ئێستا هات و بە ئاماژەی دەست مامۆستای بانگ کرد.



مامۆستا بە پەلە چووە دەرێ و درگاکەی پێوە دا. بەڵام دووبارە درگاکە کراوە مامۆستا گوتی«دانێ وەرە ئێرە» دەنگی مامۆستا ئاسایی نەبوو. دانێ خوپەیێک کەوتە دڵێ. لەژێر لچەوە دەیگوت «خۆ من یچی خرپم نەکردووە تۆ بڵێی چی قەومابێ» دانێ قەڵەمەکەی داناو هەستا. چۆکی دەلەرزی هەر جۆرێک بوو چووە دەرێ. لەو دەمەدا هەموو منداڵەکانی پۆلەکە تەماشای ئەویان دەکرد.



# بەشی ٥

مامۆستا بە مۆنەوە ڕوانییە دانێ. ئەو مامۆستایە، جاری وایە سەخگیرە.

لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە زەردە بزەیێک لە چاوەکانیدا دەبیندرا. بەڵام ئێستا چاوەکانی بێ ڕەنگن بوون. مامۆستا بە دانێ دەڵێ«ئەمڕۆ نەنکت دێ دەتباتەوە» دانێ بەچاوی پرسیارەوە تێدەڕوانی. هەڵبەتە زۆر جاریوایە

نەنکی دێ دەیباتەوە. بۆ نموونە ڕۆژانی هەینی. وەختێک دەچێ بۆ حەوزی مەلە کردن. بەڵام ئەمڕۆکە چوارشەممەیە. مامۆستا دەستی دانێ دەگرێ و دەڵێ . . . شتێک ڕووی داوە. دانێ سڕدەبێ و دەتەزێ. مامۆستا چەن چرکەیێک دەکەوتە گومانەوە. وای هەست دەکرد کۆتایی دنیایە. دەستی دانێی زیاتر گوشی و گوتی «باوکت وەبەر ماشێن کەوتووە» دانێ هەموو ئەندامی دەکەوێتە لەرزە. مامۆستا دیسان گوتی «ئەم کارەساتە ئەودەمە ڕووی داوە کە باوکت بە دووچەرخە چووە بۆ سەر کار» بە سەر و چاوی مامۆستادا وادیار بوو دەیەوێ شتێکی دیش بڵێ. بەڵام هیچی دیکەی نەگوت.



هاوڕێکانی دانێ بەپەلە لە ژوور دەرپەڕین. هەموو دەیان پرسی چی ڕووی داوە.



«سیرپا» نازمی قوتابخانە هەوڵی ئەدا ئەهۆنیان کاتەوە. بەڵام بۆی ناکرێ. بە ناچار بە مامۆستا دەڵێ«تۆ هۆشت بە دانێوە بێ» منیش دەچەمە ژووری و قسە لەگەڵ منداڵەکان دەکەم.




سیرپا ژاکەتەکەی دا دەکەنێ و دەیدا بە سەر شانی دانێ دا. دانێ دەچێتە ژێر کومۆدی لیباسەکانەوە. خۆی گرمۆڵە دەکا و چاوەکانی لێک دەنێ. دانێ بیر دەکاتەوە. لە بەر خۆیەوە ورتەی دێ«ئەم ڕووداوە چی بوو دووبارە ڕوویدا» لە بیری ئەودا بوو. ئەو بیرەی چەن چرکە لەوە پێش بە زەینیدا هاتبوو چی بوو؟ ئەها بیری هاتەوە«دواجار کە بەختیارترین بووم» لەوە زیاتر مێشکی کاری نەکرد.



## بەشی ٦

زۆری پێ ناچێ نەنکی دانێ لەوێیە. نەنە، دانێ لە باوش دەگرێ و دەیلاوێنێتەوە. دوایە هەوڵ ئەدا پێ بڵێ چی ڕوویداوە. بەڵام دانێ نایەوێ گوێ بگرێ. دانێ دەست بە گوێیەوە دەگرێ تا قسەکانی نەنکی تەواونەبوو لای نەبردن. ئەودەم دانێ بە چپە دەپرسێ «چی بووە؟» نەنکی دەڵێ« وەرە با بڕۆین، لە نەخۆشخانەیە.» بە بێدەنگی قوتابخانە بە جێ دێڵن.




دەگەنە نزیک پارکینگ، زڕەی زەنگی قوتابخانە دەگاتە گوێ. دانێ دەوێستێ و ئاوڕ ئەداتەوە. هاوڕێکانی بە هەڵاتن دەردەکەون و دێنە سەر پلیکانەکان. هەموویان دەست بۆ دانێ تەکان ئەدەن. دانێش جوابیان ئەداتەوە. نەنکی دەڵێ«دانێ گیان وەرە!»

دانێ لە جێی خۆی وێستاوە.

نەنێ دەڵێ«بۆچی وێستاوی؟»

دانێ جوابی ناداتەوە. نازانێ بۆچی وێستاوە. بە یەکجاری حەپەساوە.



مامۆستا دەێ بە دوایاندا. شتێکی بە دەستەویە. بانگی دانێ دەکا و دەڵێ «دانێ چانتاکەت لە بیر چووە.» نەنکی بە پەلە دەگەڕێتەوە وەری دەگرێ. بە مامۆستا دەڵێ «ئەمساڵ زۆرتان زەحمەت کێشا.» نەنە و مامۆستا ماوەێک پێکەوە قسە دەکەن.

دوای چەن چرکە مامۆستا دەچێ بۆلای دانێ. پاکەتێکی گەورە ئەدات بە دانێ. لە سەری نووسرابوو«هەموو هاوڕێکانت لە بیری تۆدان، هابگرە! ئەمەش چەن نامەیە. بە پەلە بۆیان نووسیوی» نەنکی دەڵێ «زۆر مێهرەبانن.» بەڵام دانێ هیچ ناڵێ. کاتێک نەنکی بەرەو

لای پارکینگەکە دەڕۆا، دانێ ش لەگەڵ نەنکی سواری ماشێن دەبن. دانێ کەمەربەندەکەی جوان گرێ ئەدا.



چەن کیلومیتر دەڕۆن. ئەودەم دانێ زمانی دەکرێتەوە. بەنگێکی گڕ لە نەنکی دەپرسێ «دەچین بۆلای باوکم؟» نەنکی دەڵێ«نا دەچین بۆ جادەی هوومله. دەبێ شیلەکە و برازۆکەکان هەڵگرین. ئێوە دەبێ لەلای ئێمە بمێننەوە.»

دانێ بە تۆراوی دەڵێ«من دەمەوێ باوکم ببینم»

نەنکی دەڵێ« نا، نابێ ئەو خەوتووە»

دانێ دەڵێ«دەچین لە خەو هەڵدەستێنین.»

نەنکی دەڵێ«نەمگوت نابێ، ئەو لە قووڵایی خەودایە، بەم زووانە وەخەبەر نایە»

دانێ دەڵێ«ئەی ئەگەر . . . هاتوو، بەڵام دەیەوێ هەر چۆنێکبێ ئەو بیرە لەسەر خۆی بەدەرکا»

کەچی دانێ ناتوانێ لە بیر خۆی بباتەوە. خۆی لە قووڵایی سەندەڵییەکەدا نقووم دەکا.



## بەشی ٧

کاتێک گەیشتنە شەقامی «هوومله» لەبەر درگای ماڵی خۆیان دانێ لەگەڵ نەنکی لە ماشێن دابەزین. دانێ گەرەکی نەبوو بچێتە ژووری. لەبەر درگا ڕاوێستا و دەیڕوانییە دەوروبەری خۆی.

بۆ سبەینێ وەختێک چووە قوتابخانە هەمووشتێک ئاسایی بوو. تەنیا ئەو نەبێ، کراسە شینە داوێن درێژەکەی خۆی لە جێی خۆی هەڵواسرابوو مەحتەلی ئەوە بوو کە ڕۆژی تەواو بوونی قوتابخانە لە بەریکەن.

پشیلەکە بە میاو میاو و دێ و لەپنای دانێ رادەوێستێ. لووتی دەکاتە هەوا. وا دەنوێنێ کە دەیەوێ بپرسێ چی قەوماوە. بەڵام دانێ تاقەتی نییە بۆی بگێڕێتەوە.



نەنکی بە هێواشی کراسە شینە داوێن درێژەکەی دانێ ی داگرت و لەگەڵ کەوشەکانی لە چەمەدانێکی خستن. دوای ئەوە قەفەسەی «بەفرە» و «دەنکەی» نا

بەردەستی دانێ. بەرازۆکەکان لە قەفەسەکەدا ترساو و پڕووکاو تەماشای دەڕێیان دەکرد. بەلایانەوە سەیر بوو. چی ڕوویداوە.




دانێ قەفەسەکە و نەنکی چەمەدان بە دەست. وەدەرکەوتن. پشیلەکەش بە میاو میاو بە دوایاندا ماڵەکەیان بەجێ هێشت. دانێ لەلای پەرژینەکە وێستا و ڕوانییە دەور و بەری خۆی. لە دڵی خۆیدا خواحافیزی لە ماڵەکەیان دەکرد.




بە دەم ڕێوە، نەنکی گوتی«بەم زووانە لە نەخۆشخانەوە تەلەفۆنمان بۆ دەکەن و پێمان دەڵێن کە باوکت لە خەو هەستاوە و حاڵێ باشە»

## بەشی ٨

ئەی دوایی چی ڕووی دا؟ هیچی سەیر ڕووی نەدا. دانێ لە ماڵی نەنکی دەژی. دایمە چاوەڕێی تەلەفۆنەکەیە. ئاخۆ کەی تەلەفۆنی بۆ بکەن. نەنکی لە ئاشپەزخانە خەریکی چێشت لێنان و قاپ و کەوچک شتنە. باوەگەورەشی لە هاڵەکە پاڵیداوەتەوە و سەری لە سەر ڕۆژنامەکەیەتی.



مامۆستا پاکەتێکی نامەی دا بە دانێ. بەڵام دانێ پاکەتەکەی هەڵنەپچڕی. دانێ تاقەتی نامە خوێندنەوەی نییە. ئەو چاو لە سەر تەلەفۆن هەڵناگرێ. حەز دەکا گوێی لە زەنگی تەلەفۆنبێ. کەچی کەس زەنگ لێنادا. بەڵام «سوانتە»ی ئامۆزای زڕە لە زنگی درگا دێنێ. تەماشای ژووری دەکا.



سوانتە لەگەڵ دایکی هاوسێماڵی دایەگەورەن. هەموو ڕۆژێ دێ و سەر لە دایەگەورەی ئەدا. هەرکە دانێ دەبینێ، بە پڕتاو دێ و بە حەزەوە دەڵێ «دانێ ئەوە تۆی؟»

دانێ هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی «بەڵێ»

سوانتە سەرسام دەڕوانێتە دانێ.

نەنکی لە ئاشپەزخانەوە دەڵێ«باش بوو هاتی»

باوەگەورە سەری لەسەر ڕۆژنامەکەی هەڵدێنێ و بەخێرهاتنی «سوانتە»

دکا و دەڵێ«دەتوانی لەگەڵ دانێ سەرگرمییەک بۆ خۆتان سازکەن؟»

سوانتە دەڵێ«بەڵێ هەڵبەتە. دانێ وەرە با بچین بۆ ماڵی ئێمە! سەرێک

له بەبرەکەی من بدەێن.»

سوانتە ئاژەڵی خۆش دەوێ. خولیای ئەوەیە سەگێکی هەبێ. هەڵبەتە لە ڕەگەزی گورگ بێ. بۆئەوەی خۆی بتوانێ ڕایبێنێ. بەڵام ئێستا تەنیا بۆی هەیە تووتییکی هەبێ. تووتییکی هەیە سەر سینگی خەت خەتییە وەک هی بەبر وایە. هەر بۆیەش پێ دەڵێ بەبر.

سوانتە ڕوودەکاتە دانێ و دەڵێ«خەریکم بەبرەکەم فێری قسەکردن دەکەم. ئەم باڵنەیە بلیمەتێکە بۆ خۆی»



«بێدەنگ دەبێ و دەڕوانێتە دانێ و پاکەتی نامەکەی بن هەنگڵی نووسراوە «بۆ دانێ»

باوەگەورە دەڵێ«نامەکە لە لایەن هاوپۆلەکانی دانێ وەیە.»

سوانتە دەپرسێ «بۆ هاوپۆلەکانی نامەیان بۆ نووسیوە؟»

دانێ جوابی ناداته

سوانته دەپرسێ«پاکەتەکەت بۆ هەڵپچڕم؟»بەبێ ئەوەی ماتڵی جواب بێ پاکەتەکە هەڵدەپچڕێ. بەڵام سەروبن گرتوویە، چەن لاپەڕە کاغەز بەر دەبنەوە.

یەکێک لە نامەکان بە نیگاری خۆر نەخشاوە.

یەکی دیکە بە تۆپی فوتباڵ.

سێهەمیش بە ئێسکی کەلەلە سەری مرۆڤ.

سوانتە دەیان خوێنێتەو.هاوار دەکا «دانێ! چەن سەیرە، گوێبگرە چی نووسراوە»



سڵاو دانێ! من ئەم هاوینە هەر بیر لە تۆ دەکەمەوە. لە دوورەوە ئەملا و لات ماچ دەکەم. هاوڕێت«مێیتبری»

سوانتە بە مانای پرسیارەوە دەڕوانێتە دانێ.

بەڵام دانێ ڕووی لێ وەردەگێڕێ.

سوانتە نامەی دووەم دەخوێنێتەوە.«بژی هاوڕێ، بژی هاوڕێ. لە ئامێزت دەگرم و ماچت دەکەم بەننی»

نۆبەی نامەی «کوودان»ە نووسیویە«سڵاو دانێ**!** هیوادارم باوکت زووتر چاک بێتەوە. وا پێش نەیە تۆ مەجبوور بی بچیتە هەتیوخانە»

دانێ هەنیسک ئەدا، هەڵبەتە بە ڕاستی گریانی تەواو بووە.

سوانتە نامەکان وەلادەنێ و وەک ئەوەی داوای شتێکی بکا لارەمل تەماشای باوەگەورەی دەکا. دەپرسێ«بۆم هەیە بزانم چی ڕووی داوە؟» باوەگەورەی بۆی ڕاست دەکاتەوە.«باوکی دانێ وەبەر ماشێن کەوتووە»

سوانتە دەزریکێنێ«وەبەر ماشێن کەوتووە؟»

باوەگەورە دەڵێ«وەختێک بە دووچەرخە چووە بۆ سەرکار لە ڕێگا ماشێنێک لێداوە»

سوانتە دەپرسێ «زیندووە، حاڵی چۆنە؟»

باوەگەورە دەڵێ«زیندووە. ئەوندە دەزانین بێ هۆش کەوتووە. هەموومان چاوەڕێن لە نەخشخانەوە پێمان بڵێن وەهۆش هاتوەتەوە»

سوانتە خۆی گرمۆڵە دەکا و لە نێو مۆبلەکەدا نوقم دەبێ. وەک ئەوانی دی چاودەبڕێتە تەلەفۆنەکە.

هیچ دەنگ نییە. باوەگەورە تەلەفۆن هەڵدەگرێ و زەنگ لێ ئەدا بۆ نەخۆشخانە. داوادەکا دەتوانم لەگەڵ بەشی چاوەدێری قسەبکەم؟ دوایە دەچێتە دەرێ.



دێتەوە ژوورێ. دەڵێن«هەر وەک خۆیەتی. ئەگەر شتێک بوو پێتان ڕادەگەێنین» سوانتە دەپرسێ«یانی چی؟» باوەگەورە دەڵێ «یانی هەر وەکوو خۆیەتی»

دانێ سکاڵادەکا و دەیەوێ باوکی ببینێ. باوەگەورە دڵخۆشی ئەداتەوە و دەڵێ بم زووانە هەرکە هاتەوە سەر هۆش. دەتوانی قسەی لەگەڵ بکەی. سواتنە وەک ئەوە وایە بۆت نەبێ بیربکەیەوە و قسەبکەی. ئەی ئەوە هاتوو باوکی دانێ وەهۆش نەهاتەوە ئەو کاتە دانێ خەمبار دەبێ و هەر دەگری. باوەگەورە دەسماڵێکی سوور دێنێ و لووتی دانێ خاوێن دەکاتەوە. دڵخۆشی ئەداتەوە و دەڵێ «ئارام بگرە کچم!» بەڵام دانێ قوڵپەی گریانی دێ. سوکنایی نایە و ژیر نابێتەو. ئەوندە بەکوڵ دەگری کزە لە جەرگی باوەگەورە هەڵدەستێنێ.



دانێ زووڕە زووڕ دەگری و دەڵێ من دەمەوێ باوکم ببینم. باوەگەورە لە باوشی دەکا و دڵێ باشە کچم باشە، وەرە پێکەوە دەچین. . .

## بەشی ٩

کۆتایی خوێندنی ساڵە. واپێش هاتووە، باوکی دانێ لە نەخۆشخانە بێ هۆش کەوتووە. لەوانەیە هەرگیز وەهۆش نەیەتەوە. دانێ، دەبێ بچی بۆ نەخۆشخانە بۆ لای باوکی. لە ڕێگا کاری هەر گریانبوو.




لە کۆریدۆری نەخۆشخانەش تا دەگەنە بەشی چاوەدێری هەر دەگریا.



دانێ سەبر و قەراری نییە. دەیەوێ لەگەڵ دکتۆر قسەبکا. بەڵام هەوەڵ باوەگەورەی لەگەڵ دکتۆر قسەدەکا. دوایە دکتۆر لە دانێ دەپرسێ: «خاترجەمی دەتەوێ لەگەڵ باوکت قسەبکەی؟دەترسم بترسی چونکە باوکت شیلانگی زۆر پێوەیە!»



دانێ ژیر دەبێتەوە. دێتەوە سەرخۆ. فینگە فینگێک دەکا و بە پشتی دەست فرمێسکەکانی دەسڕێ. دەڵێ «نا، ناترسم» باوەگەورەی دەڵێ «دانێ بەڕاستی نەترسە» دکتۆر دەستی دانێ دەگرێ و لەگەڵ خۆی دەیبا بۆ بەشی چاوەدێری. باوکی لەوێ کەوتووە. بەڵام وەختێک دانێ باوکی بەوە حاڵە دەبینێ بەڕاستی دەترسێ.



باوکی دانێ چاوی لێکناوە و بێ بزوە ڕاکشاوە. دەور و بەری پڕە لە ئامێر و دەسگای سەیر. نوکە نوکی لێوەدێ. دانێ دەستی دکتۆری گرتووە. ناوێرێ بەریدا. تادەگەنە لای تەختەکەی باوکی. دانێ بە سرتە بانگ دەکا «باوکە!»



بەڵام باوکی جووڵەی لێوەنایە. دکتۆر دانێ حاڵیدەکا. باوکی نابیسێ.دانێ دەڵێچی. دانێ دووبارە بەدنگی بەرز بانگی باوکی دەکا. باوکی جواب نا داتەوە. دنگی بەرزتر دەکا و تاهێزی تێدایە دەقیژێنێ«باوکە هەستە! من دانێم،دانێ کچت»



دنگی دانێ کاری خۆی کرد. باوکی چاوی کردەوە. بەمنگە منگ گوتی «ئامۆرە» یانی ئەوین و خۆشەویست. باوکی دانێ لە ئەسڵدا ئیتالیاییە. ئەوەی گوت و چاوی وێکناوە. دانێ ڕووی کردە دکتۆر و پەرستار و خەمبار، پرسی«دیسان خەوتەوە؟»

دکتۆر گوتی «بەڵام دووبار وەخەبەر دێتەوە. باوکت تۆی ناسییەوە. ئەمە نیشانەێکی باشە»



دکتۆر ڕووی کردە باوەگەورە و گوتی«ماوەێکی پێ دەچێ تا خۆی بگرێتەوە»

باوەگەورە پرسی«زۆری پێ دەچێ؟»

دانێ لە بەر خۆیەوە«لەوانەیە، ئەم هاوینە هەر بخەوێ!»

باوەگەورە بە دانێ دەڵێ«خەم مەخۆ! تۆ لەگەڵ ئێمە دەژیت، لەگەڵ من و سوانتە. هەوڵ ئەدەین خۆش بگوزەرێ»

دانێ هەوڵ ئەدا یارمەتی سوانتە بدا تووتیەکەی فێری قسەکردن بکا. باوەگەورە «تەمر» کۆدەکاتەوە. بەڵام هەموو جۆرێکی ناوێ. ئەو تەنیا تەمری قیمەتی و وەرزشی کۆدەکاتەوە.



دانێ ش تەمر کۆدەکاتەوە. بەڵام تەنیا تەمری نەهەنگ. ئەو دەڵێ چونکە مەترسی فەوتانیان لە سەرە. دانێ وەختێک بیر لەوە دەکاتەوە دڵی پڕدەبێ و گریانی دێ.

هەڵبەتە ئەو ئێستا کەمتر گریانی دێ. کەچی ئەمڕۆژانە بۆ هەموو شتێک دڵی پڕدەبێ.

# بەشی ١٠

گەڕانەوە بۆ ماڵێ، بۆلای نەنکی و سوانتە. باوەگەورە گوتی«دانێ شاکاری کرد. ڕاست چوو بۆلای باوکی و فەرمانی پێدا. هەستە لە خەو!» هەر وەها بۆی گێڕانەوە چۆن خۆی و دکتۆری ش سەریان سوورماوە.

نەنکی ئەمەی بیست، داچڵەکا. سوانتە کاس بوو. ماوەیەک ورتەی لێوە نەهات. تا وەختی شێوخواردن. ئەو دەم وەسەر خۆ هاتەوە. زرینگەی لە ئاوخۆرییەکەی هێنا و هەستا سەر پێ و گوتی «ئێستا ئەم مەتەڵۆکەم بۆ هەڵێنن.» سوانتە هەمیشە چەن مەتەڵۆکی لە چانتادایە. گوتی «مەتەڵ ئەوەیە ئاببۆرە چەن بێی هەیە؟» ماوەیەک بێدەنگ بوو تا ئەوان بیربکەنەوە.

نەنکی گوتی«سەت و هەشتا و حەوت»

سوانتە گوتی«نا، هەڵەیە»

باوەگەورە گوتی«حەوت سەت و شەش»

سوانتە گوتی «نا، تۆش هەڵت نەهێنا»

ئەودەم دانێ هەر وەک چۆن لە قوتابخانە دەستی هەڵدێنا، دەستی هەڵێنا و گوتی«دوو بێی هەیە» ئاخر دانێ لەوە پێش ئەمەی بیستبوو. چونکە ئێلا فڕیدا ئەم مەتەڵەی بە دڵ بوو.


سوانتە گوتی «ئافەریم. دروستە»

باوەگەورە پرسی«یانی چی! تەنیا دوو بێ هەیە؟»

سوانتە گوتی«بەڵێ، چونکە وشەی ئاببۆرە تەنیا دوو بێی هەیە»



سوانتە هەموو نوقڵەکانی نێو کاسەکەی سەر مێزەکەی خوارد. دوایە ون بوو. تۆ مەڵێ گەڕاوە بۆماڵی خۆیان.



دانێ سەری لە بەرازۆکەکانی خۆی دا و هێنانیە دەرێ. ئاخر شەو و ڕۆژێک بوو نەی دیبوون.

بە بەرازۆکەکانی گوت«ناخۆشترین ڕووداو تێپەڕی با بچین بۆ دەرێ»

# بەشی ١١

کاتێک دانێ چکۆلە بوو دایکی نەخۆش کەوتبوو. ئەو لە ماڵی نەنکی و باوەگەورەی دەژیا. لەگەڵ «سوانتە»ی ئامۆزای زۆر جار پێکەوە یارییان دەکرد. ڕاهاتبوون لەسەر سەکۆیەی بەر درگا دائەنیشتن و بە دووقۆڵی ئەم گۆرانییەیان دەگوت

«سەوڵیاندا بەرەو دوورگە جووتە دەسگیران

دەست لەملان بەشادی و خۆشی بەرەو جێژوان»



دانێ بەرازۆکەکانی لە باوش کرد و چوو لە سەر سەکۆی بەر درگا دانیشت. بە «بەفرە» و «دەنکە»ی گوت «ئێستا وەختم هەیە لەگەڵ ئێوە قسە بکەم بۆتان دەگێڕمەوە چی ڕوویداوە.» بەرازۆکەکان خۆیان

گرمۆڵە کرد و ئامادە بوون گوێ بگرن. بەڵام دانێ تاقەتی نەبوو پێیان بڵێ چی ڕووی داوە. دانێ دڵپەرۆشی باوکی بوو. چونکە دووبارە بێهۆش لەنەخۆشخانە کەوت بوو. دانێ حەزی دەکرد بیر لە شتی دیکە بکاتەوە. بۆ نموونە بیر لە ئێلا فڕیدای دۆستی بکاتەوە، بەڵام بیری بڕی نەدەکرد. ئەمڕۆژانە نەیدەتواتوانی بێجگە لە باوکی بیر لە هیچی دیکە بکاتەوە.

نەنکی هاتە سەر پلیکانەکان و بە دانێ گوت «بیر لەوە بکەوە کە چەپکە گوڵێک بۆ مامۆستاکەت بچنی!» دانێ سەری لەقاند. لە بەرخۆیەوە بیر کردەوە، هەڵبەتە دەبێ دیارییەک بدا بە مامۆستاکەی. بەڵام چی بداتێ. ئەها، کتێبەکەی خۆی«ژیانی خۆشی من»مامۆستاکەی دەیگوت ئەو کتێبە سەرنج راکێشە. بەڵام ئەگەر بیکەمە دیاری، دبێ تەواوی کەم. لەو دەمەدا کە لەسەر سەکۆکە هەستا، گوێی لێ بوو کەسێک بانگی کرد. ئاوڕی داو. پیرە«بووسە» بوو لەگەڵ سەگەکەی. «بووسە» ئەژنۆی دەشێ. ناتوانی زۆر بڕوا. بەڵام سەگەکەی ساخ و بەکیفە و پێویستە بگەڕێ. ئێستا ڕاست بەرەوپیری دانێ و بەرازۆکەکانی دەهات.«بووسە» لەسەر سەکۆکە دانیشت و گوتی دەبێ پێم بحەسێنمەوە. داوای لە دانێ کرد دەورێک سەگەکەی بۆ بگێڕێ.



دانێ بە سەری دەڵێ باشە. «بەفرە» و «دەنکە» دەبا بۆ لای نەنکی. دوایە پەتی سەگەکە دەگرێ و بە نێو دارستانێکی چڕی پڕ لە گوڵی سۆسەن دا.



گوڵی سۆسەن ئەو گوڵەیە کە دانێ زۆری پێ جوانە. بۆنێکی خۆشی هەیە.

هەر وەختێک ئەو گوڵە دەبینێ لە خۆشیان سەر خۆش دەبێ. بەڵام ئێستا کە باوکی وەبەر ماشێن کەوتووە و لە نەخۆشخانەیە زۆر دڵخۆش نابێ.

هەمیشە حەزدەکا لە دارستاندا پیاسە بکا و بۆن بە گوڵ و گیاوە کا. «ڕەنگە وەکوو سەگەکەی»«بووسە»



بەڵام بەو شەرتەی بۆن خۆش بێ.

دانێ دەستەیێک گوڵ بۆ مامۆستا کەی دەچنێ. دەگەڕێتەوە بۆ لای سەگەکەی و ئەیداتەوە دەست خاوەنەکەی.

«بووسە»سپاسی لێدەکا. دەپرسێ ناتەوێ دانیشی پێکەوە قسەبکەین؟

بەڵام دانێ پەلەیەتی، ناتوانی لای دانیشێ.



# بەشی ١٢

ئێستا دەبێ دیارییەکەی مامۆستا تەواو بێ! دانێ دەستە گوڵێک بە دەستەوە بە هەڵاتن خۆی دەکا بە ژووردا. دوایە دەست دەگێڕی بە نێو چانتاکەیدا بۆ کتێبەکەی. لاپەڕ هەڵدەداتەوە. تا دەگاتە ئەو جێیەی لە قوتابخانە نووسیبووی «دوا جار کە بەختیارترین بووم»

دانێ ڕاست لەوێدا بیری دەکرەوە کە چی بنووسێ. ئەو لەو بیر دا بوو. دووبارە تەقەی سەری دەهات. تەنیا دەنگی نەنکی لە ژووری دانیشتەنەو دێتە گوێی. نەنکی بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ کەسێک دەکا. باوەگەورەش لە وێیە. گوێی لە قسەکانی نەنکیەتی و بۆڵەێکی لێوە دێ.



دانێ گوییان ناداتێ. ئەو چڵێک گوڵی سۆسەن لەو گوڵانەی کە بۆ مامۆستای چنیبوو هەڵدەگرێ و لە قووڵانی بیر کردنەوەدا بۆنی پێوەدەکا. ڕاست لەو کاتەدا نەنکی بانگی دەکا



دانێ! «مزگێنم دەیە. لە دایکی ئێلا فرِیدا م پرسی ئایا تۆ بۆت هەیە لەگەڵ ئەوان بچی بۆ دوورگەی هاوێنی ئەوان!»

دانێ واقی ورِدەمێنی تەماشای نەنکی دەکا.

نەنکی دەپرسێ«دەتەوێ لەگەڵیان بچی؟»

دانێ، چ پرسیارێ!

ئایا دانێ دەیەوێ لەگەڵ ئێلا فرِیدا بچێ؟ ئەو دۆستە باشەی کە لە دنیادا «تاقانەیە» بۆ دوورەگەکەی ئەوان! ئەو دوورگەیەی کە ئێلا فرِیدا زۆر جار باسی کردووە! لەوێ مرۆڤ دەتوانی خانووچکە دروستکا، مەلە بکا و لە سەر تاوێرەبەرد خۆی لەبەر خۆرەتاو وشککاتەوە. یان دانیشێ و تەماشای کەڵەکێوی بکا کە چۆن بەمەلەکردن لەکەنداو دەپەرِنەوە.

دانێ هیچوەخت ئەو دوورگەی نەدیوە. بەبێ ئەوەی بزانی چییە و چۆنە بە ئاواتەوەیە رِۆژێ لە رِۆژان

ببینێ. ئێلا فڕیدا دەڵێ «لەوێ مرۆڤ دەتوانێ بە پاپۆڕ لە سەر ئاو بگەڕێ. هەروەها دەتوانێ ڕاوە ماسی بکا. هەموو جۆرە ماسی هەیە. ماسییە وردە و ماسی سوورپانکە و ئابۆرە کە دوو بێی هەیە»

جا دیارە دانێ پێ خۆشە لەگەڵ ئەوان بچێ. لە پڕێکدا شادی لە دڵی گەڕا.



کەچی گورج بەخۆی دەڵێ «ئەی باوکم بە جێ بێڵم؟»

نەنکی «دەڵێ ئەوان سبەی ئێوارە دەێن»

دانێ دووبارە دەڵێ «ئەی باوکم؟»

باوەگەورە دەڵێ «دوای تەواو بوونی قوتابخانە دەچین سەری لێ ئەدەین. نەنکی دەڵێ «باوکت خۆشحاڵ دەبێ تۆ بەو کراسە تازە جوانەتەوە ببینێ. خۆشحالترش دەبێ کە بزانێ تۆ هاوین لەگەڵ ئێلا فڕێدا دەچی بۆ دوورگە»

دانێ دەپرسێ «پێتوایە؟»

نەنکی دەڵێ «بەڵێنت پێ ئەدەم»

دانێ دەڵێ«بەڵام من دەبێ لەپێشدا لەگەڵ باوکم قسەبکەم»

باوەگەورە دەڵێ «دەی باشە وادەکەین. ئەوەڵ تۆ لەگەڵ باوکت قسە دەکەی و دوایە بڕیار ئەدەی»

نەنکی دەڵێ «ئەی ناتەوێ لە پێشدا تەلەفۆن بۆ ئێلا فڕیدا بکەی؟ ئەو دەیەوەێ بزانێ تۆ دەچی یان نا.


دانێ دەڵێ «بە زوویی، با ئەو شتە بنووسم»

دانێ دەزانی کتێبەکەی چۆن تەواو دەبێ.




دانێ بەم جۆرە دەنووسێ «دوا جار کە بەختیارترین بووم» ئەو دەمە بوو کە زانیم دەتوانم لەگەڵ ئێلا فڕیدا بچم بۆ دوورگەکەی ئەوان.


لێرە من و ئێلا فڕیدا زۆر شادین. خۆشمان نازانین بۆچ**!**
ئێمە ڕێک وەکوو یەکین. هەردووکمان گوێمان کون کراوە.




هەردووکمان لە نیگارکێشاندا باشین.




هەردووکمان بەرازۆکمان هەیە. بەڵام ئێلا فڕیدا تەنیا یەک دانەی هەیە. من هیوادارم کە ئەو، یەکی دیکەش پیداکا.



هەردووکمان لە بیری ئەوەداین بۆ فەزا هەرگیز دوایی نایە. ئەم بیرکردنەوەیە زۆر ئاستەمە. هەرچەن بیری لێدەکەینەوە تەقەی سەرمان دێ و ژانەسەر دەگرین.



دانێ پشوویەک دەگرێ و دەستی دەحەسێنێتەوە. ئەو ڕانەهاتووە یەک پشوو ئەوندە بنووسێ. جا، ئیدی بۆ ئێستا بەسە.

«پچڕ پچڕ، لە پڕدا. کتێبێکم نووسی»

دانێ ڕادەبێ و دەچێ تەلەفۆنەکە دێنێ و زەنگ بۆ دۆستە تاقانەکەی یانی «ئێلا فڕیدا» لێدەدا.



ئێلا فڕیدا لە «نۆرشۆپینگەوە» لە تەلەفۆدا هاواری کرد «ئەها ئەوە خۆتی؟» دانێ باوەکوو باوکی وەبەر ماشین کەوتووە، بەڵام پێدەکەنێ. و قاقا دەکێشێ. مرۆڤ باوەڕ ناکا کەسێکی دیکە ئەوندە دانێ دەنگی شادبێ.

ئێلا فڕیدا گوتی «دایکم بۆی گێڕامەوە چی ڕوویداوە. چ نەهاتییکی ناخۆش»

دانێ هەستێکی ناخۆش دەیتەزێنێ. بە خۆی دەڵێ «لەوانە بوو بکەومە نەهاتیکەوە. هەموو ژیانم نەگبەتی بێ!

ئێلا فڕیدا دەڵێ«خەبەرێکی خۆش بەرازۆکێکی دیکەم پەیدا کردووە. ناوم ناوە «ڕۆی».

دانێ دەپرسێ «ئەویش وەکوو «پارتیبۆی» ڕەزاشیرینە؟

ئێلا فڕیدا دەڵێ «لەویش رەزاشیرینترە»



کاتێک قسەکردنی تەلەفۆنی تەواو بوو. دانێ هەستی دەکرد ژیان خەریکە بێتەوە سەر باری جاران. دانێ ش لەو دەمەدا هەر ئەوەی گەرەک بوو. ئەو دەیویست کە هەموو شتێک ئاسایی بی.دانێ لە پڕێکدا دەنگی باوکی وەبیر هاتەوە. باوکی بانگی کردبوو «دانێ گیان» و گوتبووی «ئامۆرە» ئەم وشانە مرۆڤ بە هاسانی تێیان

ناگا. ئاخر ئەم وشانە زۆر پڕبایەخ و پڕ مانان. لە بەر خۆیەوە پۆڵەی دەهات«ئێستا هاوین بەخۆشی دەس پێدەکا»

نەنکی هات تەلەفۆنەکە ببا. پێیزانی کە دانێ ورتە ورتییە گوتی«ئەرێ ئەوە دەڵێ چی؟هەر ورتەتدێ»

دەڵێم «ئێستا هاوینێکی خۆش دەس پێدەکا»



کۆتایی کتێبی سێهەم